www.kurdistannet.org
2-11-2005 18:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# باڵوێزی عیراقی فیدراڵ و پێشوازییەکی گەرم، لەهونەرمەندی کورد ڕزگار ڕەنجەڕۆ

ئامادەکردنی: شاخەوان کەریم ئاکۆی

سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەمە2005/10/ بەڕێز (سیامەند بەننا) باڵوێزی کۆماری عیراقی فیدراڵ مامۆستا سیامەند بەننا لەهۆڵەندا، پێشوازیەکی گەرمی لەهونەرمەند و ڕۆژنامەنووسی کورد ڕزگار ڕەنجەڕۆ کرد. سەرەتا هونەرمەند بەناوی هەموو ئەندامانی تیپی ئازادی سیمبولی مۆزیقای کوردی، خاوەنی بەرهەمی ماڵئاوایی، کەنوێترین بەرهەمی هونەرمەندە، پێشکەش بەجەنابی باڵوێزکردو پاشان بەتێرو تەسەلی بەرێزیانی زیاتر ئاشنا کرد، لەو فێستیڤاڵەجیهانیانەی کەئەم ساڵ بەشداریان تیا کردووەو ڕۆڵی بەرچاویان بینیوەلەناساندنی مۆزیقا و گۆرانی کوردی بەجیهانا. هونەرمەند ڕزگار بەناوی تیپ، وەک ڕۆژنامەنووسێکیش گلەییەکانی خۆیان دووپات کردەوەلەڕاگەیاندنی کوردی وبەتایبەتی کەمتەرخەمی کەناڵەئاسمانیەکوردیەکان، لەپشتگوێ خستنی ئەو فێستیڤاڵەمەزنانەدا، هەتا داوای کرد کەچارەسەریەک بۆ ئەم گرفتــەبدۆزرێتەوەو چیتر کەناڵی ئاسمانی بۆ بەرژەوەندی تاکەکەس بەکارنەهێنرێت.

لەلایەکی ترەوەهونەرمەند بۆ جەنابی باڵوێز، دۆستەکانی گەلەکەمانی خستەتایتەرازووی کەناڵەئاسمانیەکان ئەویش کۆمپانیای مۆزایک ڤیڤانت ی هۆڵەندی بوو کەچ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بۆ بەشدار بوونی تیپی ئازادی لەفێستیڤاڵەجیهانیەکان. بەتایبەتی بەڕێوەبەری کۆمپانیا ودۆستی کورد بەڕێز سان گراتسما کەهەموو هەوڵێکی خۆی تەرخانکردووەو دەکا بۆ ئەوەی مۆزیقا، گۆرانی کوردی و هونەرمەندانی کورد بێ بەش نەبن لەو جۆرەفێستیڤاڵانە.

بەڕێز مامۆستا سیامەند بەننا پاش گوێگرتن لەهونەرمەند ڕزگار ڕەنجەڕۆ دەنگی خۆی دایەپاڵ هونەرمەند و پشگیری خۆیشی دووپات کردەوەلەو ئەرکەپیرۆزەی کەهونەرمەندان لەئەستۆی خۆیان گرتووە، بەڵێنی دا کەئەو گلەییانەبگەینێتەجێگای مەبەست، وەبەشداری ئەوجۆرەهونەرمەندانەی لەفێستیڤاڵەجیهانیەکان زۆر بەرز نرخاند و هەروەها ڕایگەیاند کەپێویستەلەدەرفەتێکی زۆر نزیک لەلایەن باڵوێزخانەوەبەرێزلێنانی تایبەت پاداشتی دۆستایەتی و دڵسۆزی بەڕێز سان گراتسما بدرێتەوەمیوانداری بکرێت لەزووترین دەرفەتدا.

وەبەرێزی بۆ هونەرمەند ڕزگاری دووپات کردەوەکەئێوەش ئەمرۆ باڵوێزی هونەری مۆزیقا و گۆرانی گەلەکەمانن لەهەندەران. وەپشگیری خۆی بۆ هونەر و هونەرمەندان دووپات کردەوەو داوای کرد لەرێگای یاریدەدەرەکەی بەزووترین کات ڕۆژی میوانداری دیاری بکرێ بۆ بەرێوەبەری تیپی ئازادی بەرێز کاک هیوا جەمال و بەرێز سان گراتسما و هونەرمەند ڕزگار ڕەنجەڕۆ. باڵوێزی عیراقی فیدراڵ بەرێز مامۆستا سیامەند بەننا پاش ئەو گفتوگۆیەکەزیاتر لەدوو کاتژمێری خایاند بەهونەرمەندی ناوبراوی ڕاگەیاندکەدەرگای باڵوێزخانەهەردەم لەسەرپشتەبۆ ئەو کەسانەی خزمەتی گەلەکەیان دەکەن.

لەکۆتاییدا من بەش بەحاڵی خۆم دەستخۆشی دەکەم لەهونەرمەندی لاو کاکەڕزگار ڕەنجەڕۆ، وەهیوای سەرکەوتن و دوواڕۆژێکی گەشی بۆ دەخوازم لەژیاندا، کەبەئەوەندەوەنەوەستێت و زیاتر هەوڵ بدات (هەرچەندەکەدرێغی لێنەکردووە) بۆ بەرەو پێشچوونی کاروانی مۆزیقای کوردیمان.

وەدووبارەدەستخۆشی دەکەم لەجەنابی باڵوێزی عیراقی فیدراڵ مامۆستا سیامەند بەننا، کەهەمیشەخەمخۆرو لایەنگری بەئەمەکی ڕۆڵە ی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان بووە، وەهیوادارم کەزیاتر بەردەوام بێت، لەو ڕێگەپیرۆزەی کەگرتوویەتی لەپێناو خزمەت کردنی گەلەچەوساوەکەمان.

ئامادەکردنی: شاخەوان کەریم ئاکۆی
akosha@hotmail. com